کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-1-2007 13:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەک چوار پەلم شکێ ئەوە خۆیەتی!! ... دلێرمحمودسابیر

نیوە شەوی 30 لە سەر31 ی 12ی 2006 بەپەلەو بێ دواکەوتن ناردیان بە دوای چەند نوێنەرێك لە بنەماڵەی گەماڵە تۆپیوەکەی بەغا تا لاکەی گلاوی وەرگرنەوە بیخەنە ناو زبڵخانە گەورەکەی مێژووەوە،



ئەوە بوو چەن کەسانێك لەو دێوو درنجانەی بنەماڵە لە سەر وەرگرتنەوەی لاکەی دکتاتۆر ئیمزایان کردو ئەمریکا گەیاندیەوە گوندەکەی خۆی لە سندوقێکی هەرزان بەها و ڕەق و تەق و بێ کەس، خەڵکێکی زۆرلیّی کۆ بوونەوە تابە خواستی ئەمریکا بەپەلە بینێژن و لە سەری نەڕۆن و زیا خۆریش نەکەن!!نەی خەنە بەیانی،

کەس و کاری خێڵی عۆجە لەم هەڵوێستەی ئەمریکا کەوتنە گومانەوە کە زۆر لە ناشتنی گۆڕ بەگۆڕ بە پەلەن بەم شەوی نیوە شەوە ئەگەر ئەم ماستە موویەکی تیا نەبێت؟؟ کەسانێك هەبوون ئەیان ووت زۆر ئیحتیماله ئەم لاشەیە هی سەددام نەبێت و نوسخەیەکی کۆپی کراو بێ بۆ چەواشە کردنی خەڵك بە ئێمەی ئیسپات ئەکەن کە گوایە سەددام حسێنەو خۆمان ناشتوومانە، بۆیە گومان زۆری بۆ هێنان کە ئەبێت پێش ناشتنی سەیری بکەن بۆ دڵنیابوون لە تەواوی لاشەکە ئەوسا بینێژن، کفنە لەعنەتیەکەیان کردەوە و سەرو فەسالّی تێك ترشاویان دی، نەچوونە ژێری کە ئەوە سەدام بێت، کەسێك و دووان و چوارو هەشت و دە هاتن هەموویان نکولیان کرد لەوەی ئەوە سەددام بێت، چونکە ئەوان سەدامیان دیوە وەك کەسێکی کەڵەگەت و پان و بالا پڕ و گووپن و بە هەیکەل، ئەمە ئەسڵەن بە قەد چەقەڵێك نابێ، ئەبێتە مقۆ مقۆ و جنێو دان بە ئەمریکا و هەر نای ناسنەوە، یەکێك لە گەورە پیاوانی عەشیرەتەکە دێتە پێشەوە پێیان ئەڵێ: ئێمە با وەك پیشەی باوو باپیرانمان هەر بە بێ عەقڵی ڕەفتارنەکەین، هاشو هووش مەکەن، ، لە سەرخۆ تێ بگەین مادام کەس نەی ناسیوەتەوە، هەموو ڕێ کەوتن کە بگەڕێن بە دوای کەسێکدا زۆر لە خزمانی خۆی شارەزای سەدام بووبێ، ئەنێرن بە دوای گەورەترین موستەشاری فەوجی خەفیفەی زەمانی خۆی و تەکلیفی لێئەکەن کە ئەو بتوانێ قەناعەتیان پێ بکات کە ئەمە خۆیەتی، پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە و ئەمریکایان لێ عاجزبێت، ئەویش دەست بە جێ سەری هەڵئەداتەوە، یەکسەر ئەکەوێتە گومانەوە!! دوایی پێیان ئەڵێ: من بە شێوەیەکی ترئەی ناسمەوە، هەموو ئەڵێن مەردی خوا بە پێمان بڵێ:ئەڵێ:گەڵو گوونیم پیشان بدەن، (دیارە کابرا نیشانەیەکی پێوە دیاری کردووە) دەستی بۆ دەعباکەی دەبا و یەکسەر هاوار ئەکات: دەك چوارپەلم شکێ ئەوە خۆیەتی !!!

هەموو ئەکەونە لە خۆدان و پێ ی ئەڵێن: بەچی تۆ دڵنیامان ئەکەی؟

ئەویش ئەڵێ: ئـــــا بەمە دایکی گاوووووم!!!!!